
# ڕۆژنامەنووسی گێرەشێوێن و بەعسی وەزیری سوتفە




ئاسۆ عەلی فەرەج
aso_ali2003@yahoo.com

تا نووکە بێدەنگ بووم لەوەی قەڵەمەکەم بخەمە نێو ئەو شەڕە ناواقیعیە نێوان وەزیری کاروباری شەهیدان و ڕۆژنامەنووسان لەمەڕ بە هەڵە ئەداکردنی وشەیەک لەلایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالەکانی حکوومەتی هەرێم خاتوو چنار سەعد عەبدوڵلا، کە گوایە لە کۆبوونەوەیەکدا پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجەی بەشەهیدی سوتفە ناوبردووە، تەنیا تەماشامان دەکرد و زۆرجاریش بەبێ مەبەست و هۆکارێک لایەنگری ماموستا چنارم دەکرد، چونکە مرۆڤ قابیلی هەڵەیە و هەرچەند من پێموایە بەڕێزیان هەڵەی نەکردووە تەنیا هێندە نەبێت لە ئەداکردنی مەبەستەکەی جۆرێک لەناتێگەیشتنی دروستکردووە، بەڵام کاتێک دەرکەوت شتەکان ئاڵۆزتر بوون و خاتوون هاتە سەر شاشە و رووپەڕی ڕۆژنامەکان و کۆمەڵێک هەڕەشە و دواتر جۆرێک لەداوای لێبووردنی نیشاندا و چەند ڕۆژنامەنووسێکی بەڕێزیش وەک سوێندیێکیان خواردبێت تا نووکە قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەن و چ بە دڵسۆزی بۆ هەڵەبجە و چ وەک خەڵکانێک کە دەیانەوێ جەنابی وەزیری ژیکەڵە بخەنە نێو هەڵوێستێکەوە کە بەدەردی خەڵکانێکی دیکە بچن...

چنار هەڵەی کرد بەم شێوەیە وەڵامیدایەوە و ڕۆژنامەنووسەکانیش هەڵەتر بوون لەوە کە زیاتر پێداگیریان لەوە دەکرد بە چەند وشەیەک کەسایەتی چنار بخەنە بەردەم پرسیارێکی ویژدانانەی هاوولاتیان ئەگەر ویژدان حاکم و پێوەر بێت. گەر وەزیر و هەڤالانی ڕۆژنامەنووس لێم زویر نەبن، ئەز نەسیحەتێکیان دەکەم بۆ ئەوەی چیدیکە ئەو بابەتە نەبێتە تەوەرێک بۆ شکاندنەوەی کەسایەتیەکانتان.

ئەو بابەتە هێندە ناهێنێت کە وەزیرێکی گەنجۆکەی وەک ماموستا چنار خۆی پێ سەرقاڵ بکات و هێندەش ناهێنێت رووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێ پڕ بکرێتەوە، گەر هەردوو لاتان هێندە دڵسۆز و خەمخۆری شەهیدانی هەڵەبجەن بۆ تاکو ئێستا نەتانتوانیوە بە خۆمیشەوە

تۆزقاڵێک هاوسۆزی و هاوخەمی و شەونخوونی پاشماوەی شەهیدان بین یا بەڕێزیان ئێوە تەنیا لەم نێوەندەدا هێندەتان پێ دەبڕێ کە داوای لێبوردن بکەن، چونکە چنار خان لێبوردنی خۆی نیشاندا و ڕۆژنامەنووسانیش لەبەردەم دوو خاڵدا ماونەتەوە یا ئەوەتا داوای لێبوردن لەو وەزیرە ژیکەڵە بکەن یا سوور بن لەسەر ئەوەی کە بەڵێ خاتوون سوکایەتی بەشەهیدانی هەڵەبجەی کردووە، ئەی ئەگەر کەسوکاری شەهیدان چناریان عفووکرد؟ چی بۆ ئێوە دەمێنێتەوە؟ ئەی گەر کەسوکاری شەهیدان چناریان عفوونەکرد؟ چی بۆ چنار و ئێوە دەگرێتەوە؟ ئێوە ویژدان بکەنە پێوەر بۆ قسە کردن لەو بابەتە، کەواتە وەرن دەسپێکی چارەسەر بدۆزنەوە و لەسەرووبەندی دادگایکردنی تاوانبارانی کیمیاوی بارانی هەڵەبجە کارێک مەکەن تەداخوولی بەهێزتر بێتە گۆڕێ، چونکە وڵات مەملکەتی قەدەرە و ویست و ئارەزووی لە مەنتیقی بەرژەوەندییەوە سەرچاوە دەگرێ. بە سوتفەیەک دیالۆگی ئاشتبوونەوە ساز بکەن.